

ئەفسانە سروش

**ئەو دەمەی من من بووم**

ئەو دەمەی من بووم!

ئەو دەمەی لەتەنیشت

خەمێکمدا دانەنیشتبووی

ئەودەمەی هەرگیز

لەبەرامبەرمدا پێنەکەنیبوی و

من جیاواز لەهەموو پیاوەکانی دنیا

لەگەڵ خەندەکانتدا

لەجیاتی ددانەکانت دڵتم نەبینیبوو،

ئەودەمەی ڕێگەم لە ئاسمانی چاوەکانتدا

لێون نەبوو بوو

ترپەی دڵ تێکەڵی لەزەتی ماچەکانت نەبوو

ئەودەمەی

جلەکانم بۆنی تۆیان لێنەدەهات

تاڵە پرچەکانم ئاشنای

پەنجە و لاواندنەوەت نەبوون.

ئەودەمەی دەمم بە گۆزەی شەڕابی

خەیاڵەکانتەوە نەنابوو

سەری مەستم

هەموو شەوێك نەخستبووە

سەر شانی دووریت

ئەودەمەی من من بووم

وەلێ ئێستا

هەمووی هەرتۆی.